

# ئەو باوکەی کچەکەی قوربانی زێڕ دەکات

ئا: خەندە گۆران



گوڵان
ژمارە (٧٣٣)
٢٠٠٩/٥/١٨



مخابن تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا بەدەیان کێشەی هەڵپەسێردراوی چارەسەرنەکراو کە هەبێت کێشەی ئافرەتی کوردە، کە وەکو پێویست چارەسەر نەکراوە و ئەوەتا دزێوییەکانی وەکو دەرهێنانی کچان لە قوتابخانە و شیربایی و چەندانی دیکە کە زۆربەی جار جار بەبێ ئاگاداری ئەو لەلایەن باوک و براوە مارەیی لە کوڕێك دەبڕن و ژیانی لێ تاڵ دەکرێت، لەم دیاردە ناشرینانەش بە زۆر بەشوودانی کچان و ناچارکردنیانە بە مێردکردنێك کە هەرگیز بە ئارەزووی خۆیان نەبوو، بێگومان ئەم دیاردانەش رۆڵی نێگەتیڤانەیان دەبێت لەسەر کچانی نێو کۆمەڵگا و، هەر ئەمەش ناچاریان دەکات کەوا پەنا بەرنە بەر خۆکوشتن یان خۆسوتاندن، هەروەکو (ئاوات) بەمجۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و جەستە جوان و ناسکەکەی کرد خۆراکی گڕی ئاگرێکی بەتین.

دیارە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریێتی هیواو ئاواتی هەموو کوڕ و کچێکە لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر، هەر بۆیەش کوڕان و کچان هەگبەی خۆیان تێك دەنێن بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە، دیارە ئەم ئاواتەش یەك لە خۆزگەکانی (هیواو ئاوات) بوو،

کە هەوڵیاندەدا بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی، (ئاوات) ئەو کچە بوو کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەیخوێند، لە خانەوادەیەکی کەمێك زەنگین گەورە ببوو، هەر لەوکاتەوە لە پۆلی سێی ناوەندی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (هیوا) دەبەستێت (هیوا) کوڕێك بوو تا پۆلی پێنچەمی ناوەندی خوێندبوو، بەڵام لەبەر دەستکورتی خانەوادەکەی وازی لە خوێندن هێنابوو لە دوکانە خنجیلانەکەی باوکی کاسبی دەکرد، خۆشەویستی نێوانیان رۆژ لەدوای رۆژ قوڵتر دەبووەوە، رۆژانە ئەگەر یەکتریان نەبینیایە ئەوە دەبووایە پەیوەندی تەلەفۆنیان بکردایە، سۆز و پەیمانیان بۆ یەکتری نوێ دەکردەوە کەوا بۆ ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر هەوڵبدەن، ئەگەر بژین بۆ یەکتری بن و ئەگەر نا بۆ گڵ، ئەو پەیوەندیەیان سێ ساڵی خایاند، ئەوکات (ئاوات) گەیشتە پۆلی شەشەمی ناوەندی و توانی بەنمرەکەی لەیەکێك لە پەیمانگاکان وەربگیرێ، بۆیە (هیوا) بڕیاریدا بچێت بۆ خوازبێنی، لە کاتی کردنەوەی ئەو مەوزوعە ترس و دڵەڕاوکێ هەردووکیانی داگرتبوو، ترسی ئەوەیان هەبوو، نەوەکو ماڵی باوکی (ئاوات) بەم شوکردنە رازی نەبن و تەگەرە بخەنە کارەکە، ئەوەبو (هیوا) وەکو عادەت و دابونەریتی کوردەواری سەرەتا دایك و خوشکی نارد بۆئەوەی مەوزوعەکە لای دایکی (ئاوات) بکەنەوە، هەرواش روویدا و مەوزووعەکەیان لای دایکی (ئاوات) کردەوە و ئەویش گوتی: من ناتوانم لەم مەوزوعە هیچ قسەتان بدەمی، بەڵام بەچاوان هەرکە باوك و براکانی ئێوارە هاتنەوە مەوزوعەکەیان لا باس دەکەم و هەواڵەکەتان پێڕادەگەیەنمەوە، ئەوەبوو بۆ ئێوارەی هەمان رۆژ ئەو باسەی بە باوك و برای (ئاوات) راگەیاند، بەڵام ئەوان ئەو شوکردنەیان بە هەموو جۆرێ رەتکردەوە، بە بیانووی ئەوەی کە کچەکەیان هێشتا کاتی شوکردنی مایە و ئەگەر ئەو کاتەش داهات ئەوە خۆیان دەیدەنە کوڕی پیاوێك کە ئاستی گوزەرانیان باشبێ و خانەدان و بەناوبانگ بن، نەوەکو خێزانێکی هەژاری وەکو خانەوادەکەی (هیوا)، بەداخەوە دیارە تاوەکو ئێستاش لە نێو کۆمەڵگای کوردی و زۆر لە کۆمەڵگاکان پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە و بۆ ئەوەی کوران و کچان بتوانن بە ئارەزووی خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، دیارە ئەویش چەند هۆکارێکی سەرەکی رۆڵی تێدا دەبینێت لەوانە هۆکاری داب و نەریت، بە هەرحاڵ دوای چەند رۆژێکی دیکە دایکی (هیوا) بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەم داخوازییە بزانێت بەرەو ماڵی (ئاوات) دەکەوتەڕێ، بەڵام بەدڵێکی ناخۆش دەگەڕێتەوە و نازانێ ئەم هەواڵە، ناخۆشە چۆن بگەیەنێتە کورەکەی و چی پێ بڵێ، هەرچەندە سەرەتا دایکی قسەکە دەگۆڕێ بەڵام(هیوا) تێدەگات و دەزانێ کەوا رەتیان کردۆتەوە، زۆر غەمبار دەبێ و رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ هەرکە باوکی بەمجۆرە دەیبینێ، بڕیار دەدات کەوا دەبێت شتێکی وابکات بۆ ئەوەی ئەم ماڵە رازی بکات کە کچەکەیان بە هیوای کوری بدەن، بۆیە ئەمجارەیان چەند پیاو ماقووڵێك لە خزم و ناسیاوەکانیان کۆ دەکاتەوە و بۆ جاری دووەم بەرەو ماڵی باوکی (ئاوات) دەکەینە رێ، هەرچەندە پێشوازییان بەپێی پێویست و دابونەریتی کوردەواری لێ ناکرێت، بەڵام بە هەرحاڵ بەم پێشوازەش رازی دەبن و ئەو داوایە بۆ جاری دووەم و سێیەم لە باوکی (ئاوات) دەکەن ئەویش دەکەوێتە ئەمری واقیع و بەدڵێکی خۆش و دەی ناخۆش رازی دەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کچەکەی (١٥٠)مسقاڵ زێڕی پێشەکی بۆ بکرێ و لەسەر (٢٠٠٠)هەزار مسقاڵیش مارە بکرێ، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی کە ئەو ماڵە لەم داخوازییە پەشیمان ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو بارگرانکردنەش کەچی باوکی(هیوا) مەرجەکەی قبووڵ دەکات و لە داخوازییەکە پەشیمان نابێتەوە ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ باوکی(هیوا) چووبوون ئەم داواکارییەی ماڵی بووکیان پێ گەلێ زۆر بوو، بۆیە داوای لێدەکەن بۆ ئەوەی بارەکە کەمێك سوکتر بکەن لەسەر ماڵی زاوا بەڵام نەیانتوانی تەنیا ئەوە نەبێت پێشەکییەکە بۆ (١٠٠)مسقاڵ کەم بکەنەوە، دوای شەکراوخواردنەوە و کڕینی کەلوپەلی ماڵ خۆیان ئامادەکرد بۆ رۆژی ئاهەنگێڕانەی ئەو رۆژەش بە ئامادەبوونی هاوڕێ و خزم و کەسوکاری هەردوولا سازدرا و هەردوو عاشق و دڵدار پێکگەیشتن، بە ئومێدی ئەوەی ژیانێکی خۆش و بەختەوەر لە ژێر سێبەری هاوسەرگیری ببەنەسەر، رۆژگار دێتو دەڕوات و(هیوا)ی بەستەزمانیش هەموو توانا و وزەی خۆی دەخاتەکار بەنیازی دانەوەی ئەو پارانەی کەوا قەرزی کردبوو، بۆ کرینی زێڕ و کەلوپەرلی ناوماڵ، بەڵام سەختی ژیان بەهێزتر دەبێت و ماوەی نادات، بۆیە بە ناچار دەبێت کەوا داوا لە خۆشەویستەکەی بکات، بۆ ئەوەی زێڕەکانی بفرۆشێت و ئەو قەرزەی سەرشانی کەمێك سوك بکات، هەرکە ئەوە بە (ئاوات) دەڵێت:(ئاوات) بەدڵێکی فراوانەوە داواکەی (هیوا) قبووڵ دەکات و پێکەوە دەچنە بازاڕ و زێڕەکان دەفرۆشن، و(هیوا) بەڵێنی ئەوەش بە (ئاوات)دەدات هەر کاتێك وەزعی ماددیان باش بوو ئەوا یەکەم شت کڕینەوەی زێڕەکانە بۆی، بەڵام بەداخەوە بۆ هەندێ خانەوادە تەنانەت دوای ژنهێنان و شوکردنی کوڕوکچەکانشیان دەست دەخەنە نێو کاروباریان و لەگەڵ بچووکترین کێشەدا بەنزین بەسەر ئاگرەکەدادەکەن و کێشەکەیان لێ گەورەتر دەکەن، بۆیە هەر کە خانەوادەی (ئاوات) بە فرۆشتنی زێڕەکانی دەزانن هێرش دەبەنە سەر ماڵی (هیوا) و (ئاوات) بە زۆری بەبێ رەزامەندی خۆی دەبەنەوە و لە چوونەوەشی مەرجی بۆ دادەنێن، ئەویش دەبێ (هیوا) هەموو زێڕەکانی بۆ بکرێتەوە یاخود تەڵاقی بدات و هەرەشەی ئەوەش لە (ئاوات) دەکەن ئەگەر بێتو بەبێ رەزامەندی ئەوان بچێتەوە ئەوا دەیکوژن، هەرچەندە(هیوا) بۆ چەندین جار دێتە دوای(ئاوات) بەڵام بێ سوود دەبێت و خانەوادەی (ئاوات) لە کەی شەیتان نایەنە خوار و هەر لەسەر قسەی خۆیان دەمێنن، بۆیە(ئاوات)، کە ئەم وەزعە دەبینێت و دەزانێ ئیدی لە خۆشەویستەکەی بێبەش دەکرێ بڕیاری مەرگ بەخۆسووتاندن بەسەر خۆی دەسەپێنێ و لە رۆژێکی بەهاردا کەوا خەڵك بۆ خۆشی و کات رابواردن بۆ سەیرانگا و هەوارگەکان دەکەونەرێ، ئەویش بە دەبەیەك نەوت کاروانی خۆی بەرەو هەوارگەی گۆڕستان بەرێی دەکا و رووە و ماڵێك سەفەر دەکات کە گەڕانەوەی نەبێت، بەمجۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

**راستە ماڵە باوکی (ئاوات) هەڵەیەکی گەورەیان کرد کاتێك دەستیان لە ژیانی تایبەتی کچەکەیان وەردا و کڕینی ئەو زێڕە زۆرەیان خستە ئەستۆی(هیوا)ی زاوایان، بەڵام نەدەبووا (ئاوات)یش بێ بیرکردنەوە و ئارامگرتن ئەو بڕیارە هەڵەی بدابا**

# خۆشباوەڕی...
# کوڕێک تووشی تاوانێکی گەورە دەکات

**ئازاری ویژدان**

چەند مانگێك بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەدا ڕەتبووبوو، کە(عیرفان) شەوانە خەو و خۆراکی لێ بڕابوو، کابرا دووچاری عەزابێکی ویژدانی کوشندە ببوو، جاری وابوو، لە ئێوارەیەوە خەریکی خواردنەوەی مەی دەبوو، تا دڕەنگانێکی شەو، کە تەواو مەست و سەرخۆش دەبوو، بەوشەوە درەنگەوە دەچووە گۆڕستان و ڕێك بەرەو گۆڕی خوشکەکەی دەچوو، لەبەرامبەر کێڵی لای سەری گۆڕەکە دادەنیشت و خوشکەکەی بەسەردولکە دەلاواندەوە، تێر دەگریا و تێریش کێڵی قەبرەکەی ماچ دەکرد و خۆڵی سەر قەبرەکەی بەسەر سەری خۆی دادەکرد، ئەوەندە دەگریا تا شلوکوت دەبوو، ئینجا سەری لەسەر خۆڵی قەبرەکە دادەنا، وەك ئەوەی خوشکەکەی لە باوەش گرتبێ و زیندوو بێ، وەك ئەوەی لە ساتێکی تووڕەیدا کە لە خوشکەکەی دابووبێت و کەفوکوڵی تووڕەییەکەی دامرکابێتەوە و بانگی خوشکەکەی کردبێت لەباوەشی بگرێت و دڵی بداتەوە و نازی خوشکانەی بکێشێ، ئا بەمشێوەیە سەری لەسەر خۆڵی سەرسینگی قەبرەکەی دادەنا، تا خەوی لێدەکەوت، دەبووە گزنگی بەیان، وەك ئەوەی زەنگی وریاکردنەوەی کاتژمێر لێیدابێت، بەئاگا دەهات، لەگەڵ بەئاگاهاتنیشی هەستی دەکرد تۆزێك باری سەرشانی و گوناهە گەورەکەی سووکتر بووە، بەڵام هەرگیز لەدەست ئازاری دەروون بەیەکجارەکی ڕزگاری نەدەبوو، ئەو هەمیشە هەستی دەکرد گڕێکی سووتێنەری بە گڵپە هەناوی دەسووتێنێ...

ئەم دۆخە ویژدانی و دەروونییەی (عیرفان)، ئەفسەری لێکۆڵینەوەکە، ئەوەی کە خۆی لێکۆڵینەوەی لەم دۆسییەدا کردبوو و خۆی وردودرشتی دانپیانانەکانی (عیرفان)ی تۆمارکرد بوو ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکەبوو، بۆی باس دەکردین و دەیگێڕایەوە.

ئەم ئەفسەرە ساتی خۆ بەدەستەوەدان و ساتەکانی دانپیانانەکەی (عیرفان) و ئەو بارە دروونییەی کە(عیرفان) تیایدا بوو بە وردی بۆمان باسی دەکات و دەڵێ: ئەوەی کە باسم کرد ئەو بارە دەروونییە بوو کە پاش ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی خوشکە تاقانەکەی و پێش خۆ بەدەستەوەدانی (عیرفان) دووچاری هاتبوو، کە هاتە بنکەی پۆلیس، کات شەوێکی درەنگ وەخت بوو، هەر دووچاوی وەك گۆمی خوێن سوور هەڵگەڕابوو کەگەیشتبووە بەر دەرگای بنکە بە پۆلیسەکەی بەر دەرگای گوتبوو، کاکە ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە کوێیە، توخوا هەر ئێستا یەکسەر بمبە لای ئەو، ئەویش هێنابوویە ژوورەکەی من و هاتە ژوورەوە و بەدەنگێکی کزۆڵەوە سڵاوێکی کرد و گوتی: جەنابی ئەفسەر هاتووم خۆم بەدەستەوە بدەم، من بکوژ، کەسێکی بێ تاوانم کوشتووە و هاتووم دانیپێدابنێم، منیش سەرم لەو قسانەی سووڕما و گوتم: دانیشە بۆم باس بکە کێت کوشتووە و بۆچی کوشتووتە و لەکوێ تاوانەکەت کردووە؟ ئەویش بەم شێوەیە قسەی کرد و وەڵامی ئەو سێ پرسیارەی دامەوە و گوتی: شەش مانگ پێش ئێستا خوشکەکەی خۆم کە تاقانە بوو بەفێڵ سواری ئۆتۆمبیلەکەم کرد



ئا: باوکی میدیا

نە دایکم زانی مەسەلەکە چییە نە براکانی دیکـەم، کە دوو برای دایکـەم هەن لەمن بچووکترن بە خوشـکەکەم گوت: وەرە هەتا بازاڕ بچین لەگەڵ خۆمم برد، ئەو سـەری لە قسەکەم سـووڕمابوو، من بە ژیانم بەوم نەگوتووە وەرە بتبەمە بازاڕ، ئێسـتا ئەو بۆ بازاڕبردنە یانی چی..؟ پرسیاری لێنەکردم و بەکر سـواری ئۆتۆمبێل بوو، بەڵام وەك بڵێی هەسـتی بەشتێك کردبێت و نیگەرانی و ترسێکی قووڵ دایگرتبوو قسەی نەدەکرد، بەڵام دەمزانی کە گەرووی وشـك بووە، بە درێژایی کاتژمێرێك لەناو ئۆتۆمبێل بووین و هەر لەناو شـار دەسـووڕاینەوە، لە دڵی خۆمدا دەمویسـت خۆم یـەکلا بکەمەوە و چیتر لە بڕیارەکـەم دوودڵیم پێوە نەمێنێ، پاش کاتژمێرێك هاژۆتنی ئۆتۆمبیل بەبێ ئامانجێکی دیاریکـراو، لەگەڵ خۆم، خۆم سـاغ کردەوە و پێملێنا بۆ ڕێگەی دەرەوەی شار و بۆ چۆڵایی و ئاقارێکی چۆڵ و پان و بەرین، خوشـکەکەم کە دیتی ملی ئاقار و دەرەوەی شـارم گرتۆتەبەر، بە دەنگێکی لەرزۆکانە و بە پچڕپچڕی گوتی: کاکە بۆ کوێم دەبەی؟ گوتم: ئێستا دەزانی، ڕۆیشتین تا گەیشـتینە شوێنێك کە بەشەری خودای لێنەبوو، ئەوکاتیش دنیـا تاریك داهاتبوو، هاتمە خوارەوە و بەویشم گوت وەرە خوارێ، بە ترس و لەرزەوە هاتە خوارێ دەمانچەکەم دەرهێنا و پێمگوت: چیت لەگەڵ (هێرش) هەیـە؟ چەند جار یەکتریتان بینیوە، بۆچی وێنەی تۆ لەسەر مۆبایلەکەی ئەوە..؟

ئـەو پرسـیارانەم لێکـرد و ئەویش هەر دەیگووت: بەخودا هیچم لەگەڵ نییە، هیچ جارێکیـش یەکتریمان نەبینیـوە و نەدیوە، نازانم بۆ وێنەی من لەسەر مۆبایلی ئەوە و چۆن بەدەسـتی گەیشتووە... ئەو کە زانی نیازی کوشتنم هەیە، زۆر تەنگاوبوو، شپرزە و شێواو بوو لەترسـانا تۆقی بوو، زوو زوو دەیگـووت هیچم نییە و هیچـم نەکردووە، نزیکەی نیوکاتژمێر لەو ململانێیە و پرسیار و وەڵامدابووم، هـاواری دەکرد و دەگریا و دەپاڕایەوە، کاکە بەخـوا هیچم نەکردووە و هیچم نییە، ئاخیرییەکەی وردەوردە توڕەییم زیاتـر و زیاتر بوو، دەمانچەم سـوار کرد و فیشەکێکم بەسەریەوە ناوو کوشتم، دەمودەست کەوتە سـەر زەوی و گۆمـە خوێنێك لەبن سـەریەوە دروسـت بوو، بەپەلە سـواری ئۆتۆمبێل بووم و تەرمەکەیم بەجێهێشت.

کە ڕۆیشتم ئەو شـەوە نەمتوانی بخەوم، دوودڵ، ڕاڕا، نیگـەران، ترس و شـڵەژان و شـپرزەیی ببووە میوانم، هەمیشـە و لە هەموو ساتێك لەخۆمم دەپرسی، چیم کرد، بۆ وام کرد کـە دایکم زانی هاتوومەتەوە و خوشکەکەم لەگەڵ نییە زانی چی قەوماوە، بانگی کردم و دەسـتی بەگریان کردو وەك کەسێکی بێ چارە و کۆستکەوتوو دەنوزایەوە و دەیپرسـی چیت لە کچـە تاقانەکەم کرد بۆ نەتهێنایەوە؟ بۆ بەیانی زوو هێشـتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، چوومەوە شـوێنی تاوانەکە و لەنـاو بەتانییەکم لوولـدا و هێنامەوە، دوو مردووشـۆرم پەیدا کرد، لەماڵەوە بەنهێنی شۆردراو کفن و دفن کرا و بردمە گۆڕستان پێشتر دوو کرێکارم گرتبوو گۆڕ هەڵکەنن، کە گۆڕەکەیـان ئامادەکردبوو، بەڕێم کردن، بەهەرحـاڵ تەرمەکەیم برد و هەر خۆشـم ناشتم و خۆڵم بەسەر داکرد.

پاشـان دوو سـێ ڕۆژان ئەوجـا بـۆم دەرکەوت چ کەتنێکم کردووە و چۆن یەکێ لە هاوڕێکانی خۆم ئەتکی کردوومە و ئەو هەمـوو درۆ و بوختانەی بە خوشـکەکەم کردووە، راسـتی مەسـەلەکەش بەمشێوەیە بـوو: دراوسـێیەکی دووری گەڕەکەمان کوڕێکی گەنجیان هەیە و ویسـتوویانە ژن بـۆ کوڕەکەیان بێنـن ودایکی کوڕە حەزی کردووە خوشکەکی من بخوازێت، کچەکەی خۆی تێگەیاندووە هەندێ زانیاری لەسـەر خوشکەکەم لەو کچەی دراوسێمان وەربگرێت کە دیوارمـان بەدیواری ماڵەوەیانە، ئەوەبوو کچەکان لەناو خۆیاندا مەسەلەکە باس دەکەن و داوای وێنەی خوشـکەکەی من دەکەن، ئەویش بەو پەڕی نیازپاکییەوە وێنەی خۆی دەداتێ، بەو مەرجەی کوڕەکەش وێنەی خۆی بۆ بنێرێ، تا ڕەئی لەسـەر یەکتری بدەن و بزانن بەیەك رازی دەبن یان نا، ئیتر دووسێ هەفتە ئەو باسە بە ئارادا دەبێ، ماڵی کوڕە خۆیان ئامادە دەکەن بێنە خوازبێنی، کەچی لەو ماوەیەدا ڕۆژێك باوکی کوڕە لە کتوپڕی دەمرێت بە هۆی ئـەوەوە تازییەدار دەبن و لەناو خۆیاندا مەسـەلەکە بۆ ماوەیەك دوا دەخەن، تا تازییەکە تۆزێك کۆن دەبێت.

ئەو کوڕەش بـە برادەرەکانی خۆی دەڵێ کە بەنیازە بێتە خوازبێنی خوشـکەکەی من و ڕەسمیشـی پێشـانیان دەدات، یەکێ لە هاوڕێکانی نازانم چۆن ڕەسمی خوشکەکەی منی لێوەردەگرێ و دەنگوباس بڵاو دەکاتەوە کـە گوایە پەیوەندی خۆشەویسـتی و ئەو شتانەیان لە نێواندا هەیە و هەرچی قسەی ناشرین و بوختان هەیە بڵاوی دەکاتەوە و دێتە لای منیش وێنەی دیمەنێکی مونتاژکراو و دەستکاری کۆمپیوتەر نیشان دەدات کە دوو کەسن، یەکێکیان گوایە خوشکەکەی منە و ئەویتریشیان ئەو کوڕەیە کە نیازی بوو بێتە خوازبێنی، کە ئەو شتانەم بینی دنیام لەپێش چاوی ڕەش بوو

## کوشتنی کوڕە بوختانکەرەکەش

ئەفسـەرەکە تاوێـك ڕاوەسـتا و دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە وەها بەدووروودرێژی پشـوویەکی دا ئینجا گوتی:(عیرفان) لە وەڵامی پرسیارەکانم کە لێم پرسی بوو، کێ و بۆچی ولەکوێت کوشـتووە؟ درێژەی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە و تاوانەکەی دا و گوتی: کە ئەو شتانەم بینی، توانای ئەوەم نەما پرسـیاری ڕاستی و دروستی ئەو شتە بکـەم، بۆیە گوتم تـازە ئابڕوومان چووە، بەچی ئابڕووم بکڕمەوە، ئەو هەموو بەڵگەیە هەیە تازە کارلەکار ترازاوە و هیچمان نەماوە شـانازی پێوە بکەین، بڕیارمدا بەو ڕێگەیە چارەسـەری بکـەم کە پێویسـتە، ئەویش کوشتنی خوشکەکەمە.

ئەوە بـوو کارەکـەم کرد، پـاش چەند هەفتەیـەك زانیم کە ئەو مەسـەلەیە بەو شـێوەیە نەبووە کە تێگەیشتووم و زانیومە و بۆم باسکراوە، وردە وردە بەدوای مەسەلەکەدا چوومەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا ماڵی کوڕەی هەستیان بەشـتێك کردبوو، لە ترسانا نەوەك تووشـی کشەیەك بن، ماڵیان باری کردبوو، بەڵام پاش ماوەیەك زانیم کە چۆن دەستخەڕۆ کراوم، لەدڵی خۆمـدا گوتم: من تازە هەر تاوانبارم تاوانبار، با تۆڵەی خوێن ڕشتنی بە ناهەقی خوشکەکەشـم بکەمەوە ئەوجا چی دەبێت بابێت، ئەوەبوو پێش دوو هەفتە، ئەو کـوڕەی کە ئەو هەموو بوختان و درۆییەی کرد و بووە هۆی ڕوودانی ئەو تاوانە قێزەونە، ئەویشـم بەفێڵێك بردە شـوێنێکی چۆڵ و لەپشـتەوەڕا گوللەیەکم لەپشتی سەریدا و کوشتم.

## دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە

ئەفسـەرەکە درێـژەی بـە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا و گوتی: دوای ئەنجامدانی هـەر دوو تاوانەکە هاتـە بنکەی پۆلیس و دانی بەهەموو شـتێك ناو ئێمەش لەسـەر بڕیاری دادگا دۆسـییەی لێکۆڵینەوەمان دەسـتپێکرد و نزیکـەی چـوار مانگی خایاند، پاشان دۆسییەکەی ڕەوانەی دادگا کرا، دادگاش بە(١٥)ساڵ حوکمی زیندانی بۆ بڕیەوە، دوای حوکمدانی بەو ماوە زۆرە، شـەوێك لەناو بەندیخانەدا لەسەر جێگەی نووستن، ئەو کاتەی زیندانییەکان هەموویان لەخەودا دەبن ئەویـش پەتێك لەملی خۆی گرێ دەدات و خۆی هەرلەسەر جێگەکەی خۆی دەخنکێنێ.

**دۆسییەی لێکۆڵینەوە دەستپێکرد و نزیکەی چوار مانگی خایاند، پاشان دۆسیەکە ڕەوانەی دادگا کرا، دادگاش بە(١٥)ساڵ حوکمی زیندانی بڕیەوە**



# خێزانێک کچەکەیان بەرەو ڕێگەی ئاگر ئاراستە دەکەن

ئا: ناسک سەعید- سلێمانی

ویژدانی مرۆڤ ناتوانێت خۆراگرێت لەبەرامبەر ئەو دیمەن و تراژیدییایانەی دەیان بینێت یاخود دەیانبیستێت، دەبێتە هاوڕێ و خەمخۆری ئەو. (پەیمان) کچێکی تەمەن ٣٣ ساڵەو خاوەن دوو منداڵە، پەیمان خاتونێکی شۆخ و شەنگ بووە، بەهۆی بڕیاری خۆی بۆ هاوسەرگیری ئەنجامی ژیانی بەوجۆرەی لێدێت وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات، تەنیایی پەیمان ئەوەندەی تر پاڵنەرە بۆ غەمگین و بێ ئومێدبوونی لەژیان، قسەکانی پەیمان خۆی لەوەوە دەبینیووە مرۆڤە هەرکەسێك بێ گرنگ نییە بۆ ئەم، ئەو کەسە خۆشەویست و کەسی یەکەمە لەلای ئەو کە دڵسۆزبێت و گوێت لێ بگرێت نەك بتوانێت بەرەنگارت بێتەوە و دڵ رەق بێت. پەیمان بە چاوی فرمێسکەوە بەردوامس بوو گوتی:هەموو هەڵەی من ئەوە بووە کورێکم خۆش دەویست و هاوسەرگیریمان پێکهێنا. شەماڵ ئەو کەسەبوو هەموو ئاوات و خواستێکم ئەوبوو بۆ یەکببین و ببینە هاوڕێ و هاوسەری سەفەری ژیانمان، هەرچەند رێگرو ناکۆکییەکانی خێزانەکەمان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، بەڵام خۆشەویستی شەماڵ سەرجەم شتەکانی دنیای بیربردمەوە تەنانەت خۆشەویستی خێزانەکەشم. لەخانەوادەکەمدا بەتایبەت دایکم و براکانم رێگربوون بۆ ئەم پرۆسەیە، هەمیشە رەفزیان دەکردەوە و پەسەندیان نەدەکرد.

## هۆكاری رازینەبوونی خێزانەكەمان

پەیمان لەكاتی گفتوگۆكردنەكەماندا هەڵدەستایە سەرپێی و كەمێك لەئاوێنەی ژوورەكەیدا لەخۆی دەڕوانی و پاشان بەردەوام دەبوو لەسەر قسەكردن و دەیگوت: شەماڵ كوڕی خێزانێكی هەژاربوون و لەبەر كەم دەرامەتی وازی لەخوێندن هێنابوو، سەرقاڵی خۆشنووسی بوو، بەپێچەوانەی خێزانی ئێمەوە بوو، هەم لەرووی خوێندن و هەم لەرووی ئاستی ئابوورییەوە، سەرجەم خێزانەكەم پرۆسەی خوێندنیان تەواوكردبوو، دایكم و باوكم هەردووكیان مامۆستابوون، ئەمەش وایكردبوو زیاتر شەماڵیان بەلاوە پەسەند نەبوو بەتایبەت دایكم. من شەماڵم لەوەكاتەوە ناسی لەپۆلی پێنجی ئامادەیی بووم مامۆستاكەمان داوای راپۆرتی لێكردین بۆ نوسینی ئەو راپۆرتە چووینە لای خۆشنوسێك كە بەرێكەوت چوینە لای شەماڵ، دوای هاتوچۆكردن بۆ چەند جارێك زیاتر یەكترمان ناسی و لێگدی نزیك بوینەوە. ئیتر هەرئەمە وایكرد پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا دروست ببێت. پەیمان باسی جوانی شەماڵی دەكرد و رەوشت بەرزی وای لێكردووە كە هۆگری بێت، بەڵام دایك و باوك و خانەوادەكەی هەست بەو پەیوەندییە جوانیەی نێوان ئەم دوو كەسە ناكەن و تەنیا هەوڵدەدەن بڕیاری خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن بۆئەوەی پەشیمان ببنەوە.

پەیمان دەڵێت: شەماڵ زیاد لە (١٠)دە جار داوای كردم و هاتە ماڵەوەمان، لەگەڵ هەموو هاتنێكیاندا خانوادەكەمان چەندەها سوكایەتیان پێ دەكردن، هەرجارەی بەبیانوو و ناوێكەوە،تاگەیشتە ئەو رادەیەی بەتەواوەتی دەریان كردن و هیچ پێشوازیەكیان لێنەكرد، ئەمەش دوای ئەوەی كە كەسێك، خزمێك، دراوسێیەك، نەما نەیكەن بەتكاو نەچێتە بەر حزوری خانەوادەكەمان، جار لەدوای جار خراپتر دەبوون، رق ئەستور دەبوون واخۆیان نیشان ئەدا هەروەك لەبەرامبەر دوژمنێكی بەهێزدا وەستابوون.

## دوای نائومێدبوونی

كاتێك شەماڵ و پەیمان زانیان هەوڵەكانیان بێ سودە و بۆماوەی حەوت ساڵە لەدڵەراوكێ و نارەحەتیدا دەژین، بۆیە بڕیارێكی كتوپڕیاندا كە هاوسەرگیریی پێك بهێنن دوور لەماڵی دایك و باوكی هەردوو لا، چونكە خانەوادەی شەماڵیش تەواو لەم مەسەلەیە بێتاقەت بوون و بڕیاریاندا بەهیچ جۆرێك ئەو كچە بۆ كوڕەكەیان نەهێنن و داوایان لێكردبوو لێی دووربكەوێتەوە، هەوڵی هەردوو خانەوادە بۆ ئەو مەبەستە شكستی هێنا، بەڵام هەروا بەئاسانی نا لەدوای گفتوگۆ و تەنانەت دەمەقاڵێیەكی زۆر لەنێوان خاڵی پەیمان و خێزانەكەی گەیشتە ئەو ئاستەی حاشا لەپەیمان بكەن لەبەرچاوی خاڵیاندا، لەكاتێكدا پەیمان بەخاڵی گوتبوو پشتگیری بكات و قەناعەتیان پێبكات، بەڵام كاتێك زانی بێ سودە، دایك و باوكی دەڵێن با پەیمان بێت لەبەرچاوی تۆدا بەراشكاوانە بڕیارێك بدات بزانین ئێمەی دەوێت یان شەماڵ، ئەگەر شەماڵی ویست ئەوا ئێمە حاشای لێدەكەین و بابێتە ماڵی ئێوە دوور لەئێمە هاوسەرگیری خۆی بەئەنجام بگەیەنێت. پەیمان بەهەناسە بركێی و سووربوونەوەی دەموچاوی و بەلەرزەوە دێتە بەردەم دایك و باوك وخوشك و براو خاڵی، لێی دەپرسن بەراشكاوی بریار بدا ئێمەت دەوێت یان شەماڵ؟ پەیمانیش زۆر بەبوێرییەوە دەڵێت شەماڵم دەوێت!! بۆیە خاڵی باوەشی پێدا دەكات و ماچی دەكات و هەر ئەوشەوە لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ماڵی خۆیان و چەند رۆژی داهاتوو وەك باوكێكی زۆر دڵسۆز مەراسیمەكەیان بۆ سازدەكات.پەیمان دەڵێت: لەخێزانی ماڵی شەماڵیش كەسیان ئامادەنەبوون، تەواوی كارەكان ماڵی خاڵما یارمەتیان داین و دوای چەندین هەفتە ماڵمان بۆ خۆمان دروست كردوو چووینە ماڵی خۆمانەوە.

## سەفەركردنمان بۆ دەرەوەی وڵات

شەماڵ بەهۆی هاوڕێیەكییەوە بوو بەشۆفێر لەرێكخراوێكی ئەمریكی، ئەم رێكخراوەش لەگەڵ گەڕانەوەی خۆیاندا سەرجەم كارمەندەكانیان برد، یەكێك لەوانە شەماڵ بوو لەگەڵ رێكخراوەكەدا سەفەریان كرد، بێگومان لەوكاتەدا لەكوردستان گرانییەكی بێ وێنە هەبوو ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق دانرابوو، سەرباری ئەو هەموو رق و دەركردنەی لەبەرامبەرمدا كرابوو، بەڵام بۆ بینینی هەر ئەندامێكی خێزانەكەم خەریك بوو رۆحم دەردەچوو، چەندین جار تەلەفۆنم بۆ نۆرماڵی ماڵەوە دەكرد دەمزانی وەڵامم نادەنەوە، بەڵام هەرپێم خۆش بوو گوێم لەو وشەی (بەڵێ)ی دایك یان باوك یان هەر یەكێكی تریان بویایە. ئاگاداربووم باری بژێوییان زۆر خراپ بوو چەندن جار پارەم بۆ ناردن، بەڵام بەرێگەی خۆیدا بۆیان ناردمەوە، هەرچەند هەوڵمدا بێ سود بوو.پاش ماوەیەك بیستم دایكم زۆر نەخۆشە و جەڵتە لێی داوە، منیش بەشەماڵم گوت كە بگەڕێینەوە بۆ كوردستان گەر بۆ جارێكیش بێت بیان بینمەوە. بێگومان شەماڵ بەم داوایەی پەیمان رازی دەبێت بەڵام دەڵێت با منداڵەكە بێت دواتر دەگەڕێینەوە.

## گەڕانەوەمان بۆ كوردستان

دوای گەڕانەوەی شەماڵ و پەیمان بۆ كوردستان سەردانی ماڵی باوكی شەماڵیان كرد و پێشوازییەكی گەرمیان لێكراو هەر ئەو شەوە چوون بۆ ماڵی خاڵی پەیمان.

پەیمان دەست دەكات بەگریان و دەڵێت توخوا خاڵە گیان بابچین بۆ ماڵی باوكم زۆر بیریبیان دەكەم، خاڵی بێدەنگییەك دەیگرێت و دەڵێت كچم پەلە مەكە هەردەچین، پەیمان دەڵێت: كە رۆژ بووە گوتم دەی خاڵە گیان بابچین، خاڵم زۆر دوو دڵ دەبوو دەیزانی رووبەڕووی چی دەبینەوە؟ بەڵام لەبەرمن رازی بوو. پەیمان و خاڵی سواری ئۆتۆمبێل دەبن و بەرەو ماڵی باوكی پەیمان بەرێ دەكەون و دەگەنەئەوێ، سەرەرای هەموو شتێك، وەك هیچ نەبوبێت پەیمان یەكسەر پەلاماری جانتاكان دەدات كە بۆ ماڵی باوكی هێنابووی و لەسیارەكە دایان دەگرێت و لەگەڵ

**ماڵی باوكم راشكاوانە پێیان گوتم یان ئێمە یان شەماڵ، ئەگەر مێردی پێبكەیت حاشات لێدەكەین و لە ئێمە بێبەری**

خاڵیدا بەرەو دەرگاکە دەڕۆن، خاڵی دەست دەکات بە دەرگا لێدان، دوای دوو سێ جار خوشکی پەیمان دەرگاکە دەکاتەوە یەکەمجار خاڵی دەبینێ و پەیمانیش لەدوای دەرگاکەوە خۆی نیشان دەدات وەك مفاجەئەیەك بۆیان، بەڵام زۆر بێ ویژدانانە خوشکەکەی دەرگەکەیان لەسەر دادەخات و لێیان ناکاتەوە، هەرچەند لەدەرگا دەدەن بێ سوود دەبێت بۆیە پەیمان و خاڵی ناچار دەبن بڕۆن.

پەیمان ئۆقرەی لێهەڵدەگیرێت و نازانێت چی بکات، بۆیە بیردەکاتەوە بچێت بۆئەو قوتابخانەیەی کە باوکی مامۆستایە لێی، رۆژێك دەچێت بۆ قوتابخانە و باوکی دەبینێت و باوەشی پێدا دەکات، باوکی دەست دەکات بەگریان و دەڵێت:کچم بۆوات کرد حاشات لە ئێمە کرد ئەوەتا پەشیمانیش بوویتەوە، پەیمان دەڵێت: بەباوکم گوت نا باوکە گیان هیچ پەشیمان نیم، بەڵام بێ رادە بیری ئێوەم کرد هەرلەبەرئەوەش هاتوومەتەوە بۆ کوردستان. باوکی دەڵێت: باشە وەرە دەچینەوە بۆ ماڵەوە و لەگەڵ ئەوانیشدا ئاشت ببەوە و با دایکت گەردنت ئازا بکات.



پەیمان و باوکی دەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان و بەدڵێکی پڕ لەترس و لەرزەوە لەگەڵ دەچێت، و نازانێت چ شتێك روودەدات، باوکی زۆر دڵی پڕەو لەدەرگای ماڵەوە دەدات براکەی دەرگا دەکاتەوە دەبینێت پەیمان لەگەڵ باوکیدا هاتۆتەوە، براکەی تورسە دەبێت چییە باوکە ناشێت چوبێتی بەدوایدا؟ پەیمان بەروویەکی خۆشەوە خۆی دەکات بەژووورداو هەواڵی دایکی دەپرسێت دایکی لەژوورەکەی خۆی گوێی لێ دەبێت و هاواردەکات پەیمان نەیەتە ژوورەوە تۆ کچی من نیت، تۆ ئێمەت وەلا نا بۆ کوڕێك دەبڕۆ بۆ لای ئەو.

پەیمان دەڵێت: باوکم چوو بۆلای دایکم و قسەی لەگەڵدا کرد، دایکم نەیدەتوانی هەڵبسێتە سەر پێ، هەرچۆنێك بێت بەگریانەوە خۆم کرد بەژوورەکەیداو باوەشم بەدایکمدا کرد، بەڵام دایکم زۆر ئیهانەی کردم وقسەی پێ گوتم تا برا و خوشکەکانم هاتنە ژوورەوە و ئەوانیش زیاتر ئیهانەیان کردم، نەم دەزانی چی بکەم من بۆلای ئەوان هاتوومەتەوە ئەوانیش ئاوام پێدەکەن، بۆیە یەکسەر بڕیارمدا کە شتێك بکەم، هەستام و چوومە حەوشەی پشتەوە بینیم دەبەیەك نەوت دانراوە، بەبێ هیچ ترسێك کردم بەخۆمدا و خۆم سووتاند. بەڵام لەدوای خۆسوتاندنی پەیمان تەنانەت خێزانەکەی بەدەم هاواری پەیمانەوە نەچوون و ماڵی دراوسێکەی دواوەیان بەدەنگیەوە چوون و کوژاندیانەوە و بردیان بۆ نەخۆشخانە، دوای مانەوەی بۆ ماوەی (٢٨) رۆژ لەنەخۆشخانە پەیمان چاك دەبێتەوە، هەروەك پەیمان دەڵێت:لەوکاتەوە تووشی حاڵەتێکی دەروونی زۆر خراپیش بووم و نازانم چی بکەم؟ دوای ئەوەی کە گەڕامەوە بۆ دەرەوەی وڵات تەنانەت نەشتەرگەریشم کرد، ئێستاش کەسەیری ئاوێنە دەکەم خەفەت دەخۆم کە من لەپێناوی چیدا وام لەخۆم کرد، بەڵام شەماڵ زیاتر لەجاران منی خۆش دەوێت و رێزم لێدەگرێت، ئەوەش بۆمن گەورەترین سەرمایەیە، چونکە بەختەورەم لەگەڵیدا.



# بۆچی نەزیرە دووجار تەڵاق درا؟

نەزیرە کە لەبەردەم دادگا وەستابوو، ئامادەی گوێگرتن بوو لەبڕیاری دادوەر بۆ دەرکردنی بڕیاری کۆتایی سەبارەت بەکێشەکەی کە دادوەر بڕیاریدا بەلێکجیاکردنەوەی هەریەك لە (نەزیرە تەحسین) و مێردەکەی (هێمن ئیدریس) چاوی پڕ ئاو بوو، دوو دڵۆپە فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە بەکلینکسەکەی دەستی چاوی سڕییەوە، هێمنی مێردیشی بەتیلەی چاو تەماشایەکی کرد و سەرێکی راوەشاند و چ قسەی نەکرد، پاش ئەوەی هەر دوولا گوێیان لە بڕیاری کۆتایی دادگا کرد، ئیمزایان لەسەر کۆنووسی دادبینییەکە کردوو، هاتنە دەرەوە، لەرارەوەکە کە تۆزێك قەرەباڵغ بوو بەو کەسانەی کە ئەوانیش کێشەیان هەبوو لەبەردەم دادگاو چاوەڕێی هاتنی نۆبەتیان بوو، نەزیرە بەدەنگێکی قورگ نوساو بە هێمنی گوت: خوا بکات تۆڵەی منت لێبکاتەوە ماڵت لێ کاول بێت، هەی درۆزنی سەختەچی..دوای ئەو قسەیە ملی رێگەی گرت و رۆیشت...

هێمنیش کە نەزیرە بەدەم رۆیشتنەوە بوو پێی گوت: بڕۆ هەی دوو مێردکەر، بزانە ئەو جارە سەری کێ لە قوڕ دەکەی، هەردووکیان دوای قسەکانیان کە تورە و نیگەران و دڵپڕ دیار بوون، رارەوە گشتیەکەی دادگایان بەجێهێشت و هەر کەسەو بەرەو چارەنووس خۆی رۆیشت.

سروشتی کێشەکەو دڵپڕ قینی و تورەییان وایلێکردین بەدوای زانینی ناوەڕۆکی ئەو داواییەدا بچین و وردەکارییەکانی بزانین، ئەوە بوو چووینە لای توێژەری کۆمەڵایەتی دادگاو کێشەی دوو کەسەکەمان باس کرد،



ئەویش هەندێ پرسیاری لێکردین کە کەی داواکە تەواو بووە و ناویان و دادوەر بەچ ناوێك بانگیانی کرد، ئینجا دۆسییەکەیان هێناو توێژەرەکە سەر لەبەری کێشەکەی بە پوختی بۆ باس کردین و گوتی:ئەو ژنە کەناوی نەزیرەیە، ژنێکی ٣١ساڵەیەو ئەمە دووەمین مێردیەتی لەگەڵ مێردی دووەمی کەناوی هێمنە، ماوەی پتر لەشەش مانگ دەبێ کێشەیان هەبووەو دواجار کە نەگەیشتونەتە یەك داوای جیابوونەوەی لێکردووە و کابراش هەر لەدانیشتنی سێیەمی دا لەسەر داواکارییەکانی رازی بووە، بۆ خۆی کە من قسەم لەگەڵی کردو دادگا ناردیە لای ئێمە وەك توێژەری کۆمەڵایەتی هەوڵی دیاریکردنی گرفت و ناکۆکییەکانیان بدەین و پاشان ئەگەر پێمان بکرێت بۆیان چارەسەر بکەین و بیانگونجێنین و وابکەین بچنەوە لای یەك و بچنەوە ژێر رەشماڵی ژیانی هاوسەرێتیان، بەڵام زۆرم لەگەڵ هەردووکیاندا، بێ سوود بوو، هەردوولا دژ بەیەك بوون، بەتایبەتی پیاوەکەی کە دیار بوو لاوازی و بارودۆخی ژنەکەی دەقۆزتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ژێر رکێفی مەرجەکانی، با سەرەتا پێشینەیەکی ژنەکەت بۆ بخوێنمەوە کە لێرە بەدۆسیەکەی تۆمارمان کردووە و بزانی بارودۆخی ئەو ژنە چۆن بووەو بۆچی دوو مێردی کردووەو لە هەردووکیشیاندا سەرنەکەوتووە، گوێ بگرە، بزانە خۆی چی گوتووە، نەزیرە لەوەڵامی ئێمە کە پرسیارمان لێکردووە بۆچی دوو مێردت کردووەو لە هی یەکمیشدا سەرکەوتوو نەبووی و چۆن مێردت بەو پیاوەکردووە کە مێردی دوومتە؟ ئەویش دەڵێ: ئێمە چوارسەر خێزان بووین، دایکم و باوکم و من و برایەکم بووین، من لەبراکەم گەورەتر بووم، ئەو گەیشتە تەمەنی ١٩ ساڵی باوکم ژنی بۆ هێنا، بەڵام دوای تەنها ٤٠ رۆژ ژنهێنانی لەکاتی کارکردندا، کە وەستای سپیکاری بوو، لەسەر خانوویەك بلۆکی بەسەردا بەربۆوەو دەمودەست مرد، پاش دوومانگان ژنەکەشی مێردی کردەوەو دەستی بەیکجاری لێمیان بەربوو دوای ئەو رووداوە باوکم زۆر خەفتبارو دڵتەنگ بوو، رۆژێك لەپڕ لەسەر بەرماڵی نوێژکردن بوو، کە بەسەردەمدا بەربۆوە و هەر ئەو دەمی مرد، لەخێزانەکەمان تەنهامن و دایکم ماینەوە، ئێمەش بەنانکردن بۆ ماڵان خۆمان بەخێو دەکردو بەرێوە دەبرد، ژیانێکی مەمرەو مەژیمان هەبوو، تەمەنم گەیشتە ٢٣ ساڵی ئینجا مێردم کرد، خەڵکی زۆر دەهاتنە خوازبێنمیم بەڵامن لەبەر دایکم رازی نەدەبووم، نەمدەویست دایکم جێ بهێڵم، تا کابرایەکی خاوەن دوکان هاتە خوازبێنم کە ٧ ساڵێك لەمن گەورەتر بوو، ئەو کابرایە کەدەوڵەمەندیش بوو، نازانم بۆچی هەر لەیەکەم رۆژی هاتنە خوازبێنیمەوە دڵم گرتی، کە هاتە خوازبێنیم نزیکەی ٣٠ ساڵێك دەبوو، پیاوێکی زۆر بەرێز و نەرم ونیان بوو، تابڵێی لەسەر خۆو قسە شیرین بوو، گوتی: من خانووی خۆم هەیە و کارو کاسبیم زۆر باشە، دایك و خوشکم هەیەو لەخانووی خۆیانن و باوکیشم کۆچی دوای کردووە، ئامادەم دایکیشت بێنمە لای خۆمان وحەزت کرد خانووە کەشت بەناو دەکەم، ئەم پیاوە ناوی کەمال بوو، زۆر لەمنی پرسی بوو، منی زۆر بەدڵ بوو، ترسی ئەوەش زۆر بوو کە زانیبووی من داخوازیکەرم زۆر رەتکردۆتەوە ئەکیش رەتکەمەوە، بەڵام گوتبووی رەتیشم بکاتەوە، من هەر بەردەوام دەبم تا رازی دەبێ، لەبەرئەوە زانیبووی تەنها خۆم و دایکمم، بۆیە پێی گوتین کە دایکم بەدایکی خۆی دادەنێت و ئامادەیە بەبێ منەت بەخێوی بکات، ئیتر دوای چەند جارێکی تر هاتوچۆکردنی کەسوکاری منیش و دایکیشم رازی بووین، مێردم بەکەمال کرد و نزیکەی پێنج ساڵان ژیانێکی ئەو پەڕی خۆشی ژن و مێردایەتمیان بەسەر برد، مێردەکەم خانوویەکی بچکۆلەی تری کڕی و گوتی ئەوەم بۆ دابینکردی دوا رۆژت کڕیوە، بۆیە بەناوی تۆی دەکەم، بەڵام بەماڵی دایکم پێی نەزانن، بە هەرحاڵ

بەبیستنی بڕیارەکەی دادگا چاوی بڕبوو لەئاو، دوو دڵۆپە فرمێسک بەچاویدا هاتە خوار، مێردەکەشی بەتیلەی چاو تەماشای دەکرد



لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ژن ومێردایەتیمان هیچ منداڵێکمان نەبوو، هاتووچۆی زۆر پزیشکمان کرد، دەرچووا کە ئەو منداڵی نابێ من هیچ کێشەیەکم لەلەشدا نییە، مێردەکەم بەو شتە زۆر ئازاری دەخوارد، حەزی دەکرد منداڵمان ببوایە، بەڵام قەت ڕۆژێك لەرۆژانیش لەسەر ئەمە نەمان کردبووە کێشە یان نەبووە کێشەمان، لەبەدبەختی من ئەو مێردەم تووشی نەخۆشی شێر پەنجەی مێشك هات و دوای کەمتر لەمانگێك ئەمری خوای کرد، پاش مردنی مێردم، کەسوکاری ئەو بەهەموو جۆرێك ململانێی من و دایکمیان دەکرد بۆ ئەوەی لەخانووەکە دەرمان بکەن، ئیتر لەدژایەتی کردنمان نەوەستان تاوەکو توانیویان خانووەکە بفرۆشن کە خانووەکە فرۆشرا بەشی خۆم وەك ژنی ئەو لەمیراتەکە وەرگرت و من و دایکم چووینە ئەو خانووە بچکۆلەیەی کە بۆی کڕیبووم و بەناوی کردبووم، لەو خانووە ماینەوەو خەرکی خۆ ژیاندن بووین، ئەوە بوو لەپاش ئەم مێردەم بڕیارمدا چیتر مێرد نەکەمەوە، بەڵام دوای چەند ساڵێك مانەوە بەبێوەژنێتی، دایکم هەمیشە پێی دەگوتم کچم بۆخۆت مێرد بکەیەوە باشترە، ئەوەبوو ڕۆژێك دایکم نەخۆش کەوت و بردمە نەخۆشخانە لەوێ کارمەندێکی نەخۆشخانە نەمناسی و زۆر هاوکاری کردین، نەخۆشییەکەی دایکم وابوو دەبوو ناوە ناوە سەردانی نەخۆشخانە بکات و پشکنینی بۆ بکرێت هەرجارێك کە دەچووین ئەو بە پڕمانەوە دەهات و هەرچیمان پێویست بایە بۆی ڕادەپەڕاندین و سازی دەکرد، ئیتر وردە وردە خۆی پێناساندم و لێم نزیك بۆوەو، ئەو بەهەموو جۆرێك هەست و سۆزی خۆی بۆم دەردەبڕی، بەردەوام بوو لە خۆرەپێش کردنی تاوەکو توانی دڵی من بۆ لای خۆی کێش بکات، بەمجۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی پاك لەنێوانماندا دروستبوو، من وردو درشتی پەیوەندییەکمم بە دایکم گوت و ئەویش ڕای وابوو کە کوڕێکی چاکەو ئەگەر مەبەستی پاکە پێی خۆش بوو کە بێتە خوازبێنم، بەڵام بەڕاستی من تۆزێك دوو دڵ بووم، ئەو واخۆی نیشاندا کە باری دارایی باشەو هێشتاکە ژنی نەهێناوە و ئیتر زۆرێك لەو قسانە، کاتێك مەسەلەی هاتنە خوازبێنیم پێ گوت، گوتی جارێ هەندێ گرتفتم هەیە، چەند مانگێك لەسەرم ڕاوەستە، باگرفتەکانم چارەسەر بکەم ئینجا دێم، منیش گوتم باشە، بەڵام ڕازی نیم بەهیچ شێوەیەك بۆ یەك ساتیش بێت داوای بینینم بکەیت، لەهەفتەی جارێکیش زیاتر حەز ناکەم بەتەلەفۆن قسە بکەین و ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت بێت، بەمشێوەیە گوزەراندمان تا ڕۆژێك بەخۆی هاتە ماڵمان و گوتی: دەمەوێ بێمە داخوازیت، منیش گوتم باشە، بەڵام با لەسەر هەندێ شت گفتوگۆ بکەین، گوتی بابیکەین، گوتم من و دایکم لێکجیانابینەوە، دایکم نەخۆشەو لەمن زیاتر کەسی تری نییە، دەمەوێ پێکەوە بین، گوتی هیچ گرفتێکمان لەوە دانییەو ڕازیم، ئەوگوتی: من تەنها مەرجێکم هەیە ئەویش ئەوەیەجارێ نامەوێ بەقازی مارەبکەم، تەنها بەمەلای مارە دەکەین بەهەرحاڵ لەسەر ماڵ دانان و شت کڕین و ئەو شتانە ڕێکەوتین پاش ماوەیەك مەلای هێناومارەی کردم و پاشان گواستمیەوە، ژیانێکی ئاسایمان بەڕێ دەکرد و وەك هەر ژن و مێردێکی تر، بەڵام لەپڕ ڕۆژێك ژنێك لەدەرگای دا و منیش دەرگام لێکردەوە و گوتی: تۆ فلانی، منیش گوتم بەڵێ، هەر کە گوتم بەڵێ گوتی: یانی تۆ ژنی هێمنی بەڕاستی چەند مانگێکە پەیوەندیت پێوە هەبووەو ئێستاش تۆ ژنی ئەوی؟ گوتم: بەڵێ، ئیتر وەك فیشەکەشێتە بەرەورودا تەقییەوەو کردییە هاتوو هاورێك نەبێتەوە، تاپێی کرا جنێوی ناشیرینی پێدام و قسەی پێگوتم، ئاخیرییەکەی گوتی: ئەرێ تۆ قەت شەرم ناکەی پیاوی منت لەخشتە بردووە، قەت بیرت لەوەنەکردەوە مێرد بەپیاوێك دەکەی کە خاوەنی کۆشێك منداڵەو بەرپرسیارێتی خێزانێکی لەسەر شانە و بەمێردکردنی تۆ خۆی لە بەخێوکردنی ئێمە دەدزێتەوە و منداڵەکانم ڕووت و ڕەجاڵ دەبن، ئیدی زۆر قسەی تری کرد، بەڵام من هیچیانم نەبیست و لەشوێنی خۆم دانیشتم، کاتێك بەئاگا هاتمەوە ژنە ڕۆیشتبووە، دەرو دراوسێکانمان بن پیلیان گرتبووم و دەمبەنەوە ژوورەوە، دەمێك بوو دۆش و دامابووم، چۆنە ئەوکابرایە کە بوومەتە ژنی و درۆی وەها گەورەی لەگەڵدا کردبووم و من ژنێکی ترم هەیە، کە بەدایکیشم گوت: ئەویش کۆڵێك بۆم گریا، بە هەرحاڵ کە هاتەوە ماڵەوە بەکورتی لەگەڵیم بڕاندەوەو گوتم بڕۆوە ماڵی ژنەکەت و یەك چرکە قبوڵ ناکەم لەماڵەم بمێنیتەوە، بەیانیش دەچمە دادگا و داوای جیابوونەوە دەکەم بواری ئەوەم نەدا مشتومڕم لەگەڵدا بکات، دوو سێ ڕۆژی پێچوو هاتمە دادگاو داوای جیابوونەوەم لەسەرتۆمارکردو هەرچی هەقیشم هەبووو هەموویم لێی داواکردەوە.

**دەرنجام**

وەك توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە پێی گوتین، ئەمە بوو هاتە دادگاو دوای چەندین دانیشتنی دادگا، ئاخیرییەکەی بڕیاری جیابوونەوەی خۆی وەرگرت و ڕۆیشت، من زۆرم لەگەڵی هەوڵدا، جیانەبێتەوە، بەڵام ئەو بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو.

ژنەکە پێی گوتم ئەرێ تۆ شەرم ناکەی پیاوی منت لە خشتە بردووە، قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە مێرد بە پیاوێک دەکەی خاوەن کۆمەڵێک منداڵەو بەرپرسیارییەتی خێزانێکی لەسەر شانە؟

**پۆزش**

**لە ژمارە (٧٣١)ی گوڵان ئەم بابەتە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی لاپەڕەیەکی پەڕیبوو، بۆیە ئێمە لە فایلی کۆمەڵایەتی وێڕای داوای لێبوردن لە خوێنەران، دووبارە تەواوی بابەتەکە وەك خۆی بڵاو دەکەینەوە.**